# کۆمەڵە فەتوایەك دەربارەی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان

[ بە کوردی ]

مجموعة فتاوى حول صوم شهر رمضان
[ باللغة الكوردية ]

فەتوا: شێخ ئیبنو باز ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ
فتوى: الشيخ ابن باز ـ يرحمه الله تعالى ـ

وەرگێرانی : زاگرۆس هەمەوەند

الترجمة : زاكروس هموند

پێداچونەوەی : پشتیوان سابیر عزیز

المراجعة : بشتيوان صابر عزيز

نوسینگەی ( رەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشیارکردنەوەی ڕەوەندەکان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة بمدينة الرياض

**2008 -1429**

islamhouse.com

# كۆمەڵە فەتوایەك دەربارەی رۆژووی مانگی ڕەمەزان

سوباس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان و دردو ڕەحمەتی فراوانیش بۆ سەرگیانی پێغەمبەری ئازیزمان محمد و سەرجەم هاوەڵ و شوێن کەوتوانی هەتا هەتایە.

خوشك و برایانی بەڕێزم لەگۆشەی فەتوای ئەمجارەدا كۆمەڵەفەتوایەكمان بۆ گوڵبژێر كردون لەفەتواكانی زانای ناوداری جیهانی ئیسلامی شێخ ابن باز ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) سەبارەت بەبەچەند حوكمێكی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان ، بەهیوای سودمەندبوون و پەند و ئامۆژگاری لێ وەرگرتنی ئینشا الله .

فەرموون ئێوەو ئەو پرسیارانەی كەكراوەلەشێخی ڕەحمەتی و وەڵامەكانی بەڕێزیان :

پرسیار : ئایا حوكمی ئەو كەسەچی یەكەهەمیشەڕەمەزان (٣٠) سی ڕۆژ بەڕۆژوو دەبێت .

وەڵامی شیخ ابن باز ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) : ئەم كاەكارێكی خراپە، بگرەیەكێكیشەلەئەو مونكەرانەی كەپێچەوانەی دەقەكانی قورئانی پیرۆزو سوننەتی پێغەمەمبەری خوا محمد درودی خوای لەسەر بێت ، هەروەها پێچەوانەی كارو كردەوەی هاوەڵەبەڕێزەكانیشەخوا لێیان ڕازی بێت ، خوای گەورەدەفەرموێت ( يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْأَهِلَّةِ قُلْ هِيَ مَوَاقِيتُ لِلنَّاسِ وَالْحَجِّ ) البقره/ ١٨٩ واته : پرسیارت لی دەكەن ئەی محمد سەبارەت بەو مانگەی _ كەلەئاسمانە_ تۆش بڵێ ئەوەبۆ دیاریكردنی كاتەكانی خەڵكی و دیاركردنی حەجە، هەروەها خوای گەورەدەفەرموێت : (وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا ) الحشر / 7 ،واته: ئەوەی پێغەمبەر بۆی هێناون وەری بگرن و ئەوەشی لێ ی قەدەغەكردون وازی لێ بهێنن و لێ ی دوور بكەونەوە، هەروەها پێغەمبەری خۆشەویستیشمان ( درودی خوای لەسەر بێت ) دەفەرموێت : صوموا لرؤيته وأفطروا لؤيته فإن غم عليكم فأكملوا العدة ثلاثين ) ئیمامي بوخاري ڕیوایەتی كردوە، واتە : بەبینینی مانگ بەڕۆژوو ببن و هەركاتیكیش لەكۆتایەوەبینیتان

واتە _ بینینی مانگی شوال _ ئەوەڕۆژوو تان بشکێنن ، خۆ ئەگەر هەور تەم و غوبار بوو _ واتە مانگتان نەبینی _ ئەوە( ٣٠ ) ڕۆژ تەواو بکەن ، لەڕیوایەتێکی تردا هاتوەدەفەرموێت : ( فأكملوا عدة شعبان ثلاثين يوماً ) واتە : لەسەرەتاوەئەگەر مانگتان نەبینی ئەوەمانگی شەعبان ( ٣٠ ) سی تەواو بکەن ، ئەم ئایەت و فەرموودانە هەمویان بەڵگەن لەسەر ئەوەی کەواجب ئەوەیەکەبۆ ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان دەست بگریت بەسەیرکردنی مانگەوە، ئەگەر مانگ ( ٣٠ ە) سی ڕۆژووی پڕ کردەوەئەوەخەڵکیش ( ٣٠ ) ڕۆژ بەڕۆژوو بن ، خۆ ئەگەر مانگ کەمتر بوو ئەوەبا (٢٩ ) بیست و نۆ ڕۆژ بگرن ، لە پێغەمبەری خواشەوەفەرموودەکان موتەواتر بوون لەم بارەیەوەکەبەڵگەن لەسەر ئەوەی هەندێك جار مانگ (٢٩) بیست ونۆ دەبێت هەندێك جاریش ( ٣٠) سی ڕۆژ دەبێت ، هەر بۆیەپێغەمبەری ئازیزیش ( درودی خوای لێ بێت ) فەرمانی کردووەبەبینین مانگ و گەڕان بەدوای و ئەگەریش نەیانبینی ئەوە(٣٠) سی رۆژەکەتەواو بکەن ئەگەر سیهەم رۆژی مانگی شەعبانیان نەبینی یان سیهەم ڕۆژی مناگی ڕەمەزانیان نەبینی .

جا هەر بۆیەدروست نی یەبۆ هێچ کەسێك بەئارەزووی خۆی حوکم بدات و بڵێت : مانگ هەمیشە(٣) ڕۆژ دەبێت ، چونکەئەم وتەیەپێچەوانەی ئەو فەرموودەسەحیانەیەکەلەپێغەمبەری خوا وارد بووەو یەکیش ناگرێتەوەلەگەیاندا ، هەروەها پێچەوانەی ئیجماع و کۆدەنگی موسوڵمانانە، چونکەزانایان کۆدەنگن بەشێوەیەکی یەکجاری کەمانگ هەندێك جار (٢٩) بیست و نۆ ڕۆژەو هەندێك جاریش (٣) سی ڕۆژە، هەروەها واقعی حاڵیش شاهیدی دەدات لەسەر ئەم ڕاستی یەو ئەو کەسانەشی لەم بارەیەوەشارەزان هەروا دەڵێن ، لەبەر ئەوەخوای گەورەش دەفەرموێت : (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا ) النساء /59 ، واتە : ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوەگوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەرەکەی و کاربەدەستی موسوڵمانان بن ، ئەگەر ناکۆکیتان تێکەوت لەسەر شتێك ئەوەبگەڕێنەوەبۆلای خوا و پێغەمبەر ئەگەر ئێوە باوەڕتان هەیەبەخواو ڕۆژی دوایی، چونکەهەر ئەوەبۆ ئێوەخێرترەو باشترین لێکداەوەشە، زانایانی تەفسیرو جگەلەوانیش دەڵێن : گەڕانەوەبۆ لای خوا واتە گەڕانەوەبۆلای قورئانی پیرۆز ، گەڕانەوەش بۆلای پێغەمبەریش ( دروردی خوای لەسەر بێت ) بەوەدەبێت تا لەژیاندا مابێت بگەڕێیتەوەبۆلای خۆی ، وەپاش وەفاتیشی بەوەدەبێت بگەڕێیتەوەبۆلای سوننەتەسەحیحەکانی ، لەپێشەوەش ئەو بەڵگانەمان بەباشی ڕوون کردەوە لەکتاب و سوننەتی پێغەمبەرو ووتەو ڕای زانایانیش کەمانك هەندێك جار (٢٩) بیست و نۆ ڕۆژ دەبێت ، وەهەندێك جاریش (٣٠) سی ڕۆژ دەبێت ، بۆیەبۆ هیچ کەسێم نی یەپێچەوانەی ئەم بنەما زۆر بەهێزەبوەستێت ، خوای گەورەش یارمەتی دەرو پشت وپەنای هەموولایەك بێت هەر ئەوەیش باشترین پشت و پەنایە.

پرسیار : ئایا ڕۆژووی ڕەمەزان لەسەر کێ واجب دەبێت ، وەئایا فەزڵی ڕۆژووەکەی چی یەوەفەزڵی ڕۆژووی سوننەت چی یە؟

وەڵامی شیخ ابن باز ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) : ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان لەسەر هەموو موسڵمانێکی باڵغ چ پیاو بیت یان ژن ، وەسوننەبۆ منالێك کەتەمەنی حەوت ساڵی تەواو کردبێت یان زیاتر کەبتوانێت بەڕۆژوو بێت چ نێر بێت یان مێ ، وەهەروەها واجبەلەسەر لێپرسراو وەلی ئەمرەکانیان کەزانیان ئەتوانن بەڕۆژوو بن فەرمانیان پێ بکەن بەڕۆژوو گرتن ، هەروەك چۆن فەرمانیان پێ دەکەن بەنوێژ کردن ، وەبنەمای ئەم کارەش ئەم فەرموودەیەی خوای گەورەیەکەدەفەرموێت : ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ (183) أَيَّامًا مَعْدُودَاتٍ فَمَنْ كَانَ مِنْكُمْ مَرِيضًا أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ ....) البقرە/ ١٨٣ ، ١٨٤ ، واتە : ئەی ئەو کەسانەی کەباوەڕتان هێناوە ڕۆژووتان لەسەر فەرز کرا هەروەك چۆن لەسەر ئوومەتانی پێش ئێوەفەرز کرا ، بۆ ئەوەی لەخوا بترسن لەگرۆهی خواناسان بن ، ڕۆژوو گرتنش چەند ڕۆژێکی دیارکراوە، جا هەرکەسێك لەئێوەنەخۆش بوو یان لهسەفەردا بوو ئەو دەتوانێت پاشتر بیگرێتەوە...، تا ئەو جێگایەی کەخوای گەورەدەفەرموێت : ( شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِي أُنْزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ هُدًى لِلنَّاسِ وَبَيِّنَاتٍ مِنَ الْهُدَى وَالْفُرْقَانِ فَمَنْ شَهِدَ مِنْكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ وَمَنْ كَانَ مَرِيضًا أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ ) البقرە/ ٢٨٥ ، واتە : مانگی ڕەمەزان ئەو مانگەیەکەقورئانی پیرۆزی تیادا هاتە خوارەوە، کەڕێنونی یەبۆ تەواوی خەڵکی و بەڵکەی ڕوون ئاشکراشەلەسەر هیدایەت و جیاکردنەوەی حەق و باطل ، جا هەر کەس لەوویوەمانگی بینی ئەوەبا بەڕۆژوو بێت ، وەهەرکەسیش نەخۆش بوو یان لەسەفەردا بوو ئەوەبا پاشتر بیگرێتەوە..... ، هەروەهـــا فەرموودەی پێغەمبەری خواش ( درودی لەسەربێت ) کەدەفەرموێت : " بني الإسلام على خمس شهادة أن لا إله إلا الله ةان محمداً رول الله ، وإقام الصلاة ، وإيتاء الزكاة ، وصوم رمضان ، وحج البيت " ئیمامي بوخاري ڕیویەتی کردوە، واتە : ئاینی پیرۆزی ئیسلام لەسەر کۆڵەکەبنیات نراوە، شهادەت دان کەهیچ پەرستراوێك نی یەجگەلە( الله ) و محمدیش پێغەمبەری خوایە، وەبەجێ هێنانی نوێژەکان ، و دەرکردنی زەکاتی سامان ، و ڕۆژووی ڕەمەزان ، و بەجێ هێنانی حەجی ماڵی خوا .

هەروەها لەفەرموودەیەکی تردا هاتوەکاتێك کەجوبرەئیل پرساری لێ کرد لەبارەی ئیسلامەوەلەوەڵامیدا فەرمووی : " الإسلام أن تشهد أن لا إله إلا الله وان محمداً رسول الله ، وتقيم الصلاة ، وتؤتي الزكاة ، وتصوم رمضان ، وتحج البيت إن استطعت إليه سبيلاً " ئەم فەرموودەیەئیمامی موسلیم ڕیوایەتی کردووە، لەفەرمودەیەکەوەکەعومەری کوری خەتاب گێراویەتیەوە، خوای لێ ڕازی بێت، هەروەها

هەردوو شێخی فەرمودەش بوخاری و موسلیم بەم مانایەڕیوایەتیان کردوەلەفەرمودەیەکەوەکەئەبو هورەیرەخوای لێ ڕازی بێت گێراویەتیەوە.

لەهەردوو سەحیحەکەی ( بوخاری و موسلیم ) یشدا هاتوەکەئەبوو هورەیرەدەیگێرێتەوەکەپێغەمبەری خوا ( درودی لەسەر بێت ) فەرموویەتی : " من صام رمضان إيماناً واحتساباً غـُفِرَ له ما تقدم من ذنبه " واتە : هەرکەسێك ڕەمەزان بەڕۆژوو بێت و باوەڕی تەواوی پێی هەبێت و تەواو بیگرێت تا کۆتایی ، ئەوەپەروەردگار لەگوناهی پێشووتری هەموو خۆش دەبێت . هەروەها جێگیریش بوەلەپێغەمبەری خواوە( درودی لەسەر بێت ) کەفەرمویەتی : " يقول الله عز وجل : كل عمل ابن آدم له ، الحسنة بعشر أمثالها إلى تسعمائة ضعف ، إلا الصيام ، الصوم لي وأنا أجزي به ، ترك شهوته وطعامه وشرابه من اجلي ، للصائم فرحتان : فرحة عند فطره وفرحة عند لقاء ربه ن ولخلوف فم الصائم أطيب عند الله من ريح مسك " ئیمامي بوخاری و موسلیم ڕیوایەتیان کردوە، گومانیش لەوەدا نیە کەفەرموودەئیجگار زۆرن لەسەر فەزڵ و گەورەی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان بەتایبەتی ، و ڕۆژوو بەگشتی ، خوای گەورەش پشت و پەنای هەموو لایەك بێت .

پرسیار : تەفسیری ئایەتی ( وعلى الذين يطيقونه فدية ) چی یە ؟

وەڵامی شیخ ابن باز ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) : زانایانی تەفسیری قورئانی پیرۆز ( خوایان لێ ڕازی بێت ) ئاماژەیان داوەبەوەی کەخوای گەورەکاتێك ڕۆژووی مانگی ڕەمەزانی بۆ موسڵمانان تەشریع کردو فەرزی کرد لەسەریان لەسەرەتاوەسەرپشکی کردن و موخەیەری کردن لەنێوان ئەوەی لەمانگی ڕەمەزاندا بەڕۆژوو نەبن لەبری ئەوەدا خواردن بدەن بەهەژاران وەیان بەڕۆژوو بن ، بێ کومان ڕۆژوو گرتنش باشترە، لەسەرەتاوەهەرکەس بیتوانیاهیەڕۆژوو بگرێت و بەڕۆژوو نەبوایەدەبوایەلەبری هەر ڕۆژێك خواردنی هەژارێکی بدایە، وئەگەر زیاتریش بدایەئەوەخێر تر بوو ، لەگەڵ ئەوەشدا قەزاو گرتنەوەی ڕۆژووەکەی لەسەر نەبوو ن خۆ ئەگەر ئەمەی نەکردایەو بو ڕۆژوو بوایەئەوەئەفزەڵتر بوو ، چونکەخوای گەورەدەفەرموێت : (وَأَنْ تَصُومُوا خَيْرٌ لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ ) البقرة/١٨٤ ، واتە : خۆ ئەگەر ڕۆژوو بگرن ئەوەخێرتر و باشترەبۆیان ئەگەر ئەوان بزانن ، بەڵام نەخۆش و موسافیر ئەتوانن ڕۆژوو بشکێنن بەڵام دواتر قەزای بکەنەوە، ئەویش لەبەرئەوەی خوای گەورەدەفەرموێت : (فَمَنْ كَانَ مِنْكُمْ مَرِيضًا أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ ) البقرة/ ١٨٤ ، پاشان خوای گەورەئەم ئایەت و حوکمەی نەسخ کردەوەو سڕیەوە، و واجبی کرد لەسەر کەسێکی باڵغی لەش ساغی جێگیر ( المقيم ) کەڕۆژوو بگرێت و دروست نیە ئیتر خواردن دان لەبری ڕۆژوو گرتن ، هەروەها ڕێگاشی دا بەنەخۆش و موسافیر کەدەتوانن ڕۆژوو نەگرن بەڵام لەسەریان واجبە کەپاشتر بیگرنەوە، خوای گەورەش لەم بارەیەوەدەفەرموێت : ( شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِي

أُنْزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ هُدًى لِلنَّاسِ وَبَيِّنَاتٍ مِنَ الْهُدَى وَالْفُرْقَانِ فَمَنْ شَهِدَ مِنْكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ وَمَنْ كَانَ مَرِيضًا أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ وَلِتُكْمِلُوا الْعِدَّةَ وَلِتُكَبِّرُوا اللَّهَ عَلَى مَا هَدَاكُمْ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ) البقره/ ١٨٥ ، واته مانگی رەمەزان ئەو مانگەیەکەقورئانی تیادا هاتەخوارەوە ، کەڕێنمونی کەرەبۆ گشت خەڵکی و کۆمەڵێك بەڵگەو نیشانەی ئاشکراو ڕوونشەبۆ هیدایەت دان و جودا کردنەوەحەق و باطل ، جا هەرکەسێك لەئێوەمانگی ڕەمەزانی بینی ئەوەبا بەڕۆژوو بێت ، وەهەرکەسێکیشتان نەخۆش و موسافیر بوو ئەوەبا پاشتر بیان گرێتەوە، لەمەشدا خوای گەورەئاسانکاری دەوێت بۆ بەندەکانی و گرانی و کۆڵ قوریسی ناوێت بۆیان ، ، جا با بەتەواوی کاتی دیاری کراوی ئەو مانگەبەڕۆژوو بن ن پاشان پەروەردگار بەگەورەو بەێز بگرن لەسەر ئەوەی هیدایەتی داون بۆ سەر ڕێبازەکەی خۆی ، تاوەکو شوکر و سوپاسی خودا بکەن .

ئەمجا مەسئەلەی خواردن دان بەهەژاران لەبری ڕۆژوو گرتن تەنها لەحوکمی ئەو کەسانەدا مایەوە کەپیاوێکی پیر یان پیرەژنێکی گەورەکەنەتوانن بەڕۆژوو بن هەروەك لەئیبن و العباسەوە( خوای لێیان ڕازی بێت ) هاتوە، هەروەها لەئەنەسی کوری مالك و کۆمەڵێك لەهاوەڵەبەڕێزەکان و سەلەفی ئەم ئومەتەوەوارد بوە، ئیمامی بوخاریش لەسەحیحەکەیدا ڕیوایەتی کردووەلەسەلەمەس کوری ئەکوەعەوە( خوای لێ ڕازی بێت ) بەو مانایەی سەرەوەکەباسمان کرد کەئەم ئایەتەی دواتر حوکمی ئایەتی پێشووتری نەسخ کرد و سڕیەوە، ئەو ئایەتەش کەحوکمەکەی سڕایەوەئەم ئایەتەبوو کەپێشتر ئاماژەمان پێدا کەخوای گەورەدەفەرموێت : ( وعلى الذين يطيقونه فدية طعام مسكين ) هەروەها موعازی کوری جەبەل ( خوای لێ ڕازی بێت ) و کۆمەڵێکیش لەسەلەف ( ڕەحمەتی خوایان لێ بێت ) بەو شێوەیەی سەرەوەڕیوایەتیان کردوە، بەهەمان شێوەی پیاو و ژنی پیریش کەسێك کەنەخۆشێکی وابێت کەنەخۆشیەکەی ئومێدی چاك بوونەوەی لێ نەکرێت دەتوانێت لەبری ڕۆژووگرتن بۆ هەر ڕۆژێك خواردنی هەژارێك بدات و نەیگرێت و قەزا کردنەوەشیان لەسەر نیە ن سەبارەت بەکاتی دەرکردنی ئەو خواردنەو دانی بە هەژاران ئەو کەسەدەتوانێت لەسەرەتای مانگی ڕەمەزانەوەبیدات یان لەناوەڕاستی یەوەیان لەکۆتایی یەکەیەوە، بەڵام سەبارەت بەئافرەتی دووگیان و شیردەر ئەوە دەبێت ڕۆژوو بگرن مەگەر نارەحەت ببن ، ئەگەر نارەحەت بوون ئەوەدەتوانن ڕۆژوو نەگرن بەڵام دەبێت قەزای بکەنەوەن وەك نەخۆش و موسافیر ، ئەمەش سەحیح ترین ڕای زانایانەلەبارەی حاڵی ئافرەتی دووگیان و شیردەر ، وەهەندێك لەزانایانیش ئەڵێن دەتوانن کەڕۆژوو نەگرن وەك پیاوی پیرو پیرەژن خواردن بدەن و قەزای نەکەنەوە، بەڵام سەحیح تر وایەکەئەوانیش وەك نەخۆش و موسافیر ڕۆژوو دەشکێنن و پاشتر قەزای دەکەنەوە، لەپێغەمبەریشەوە( درودی خوای لەسەر بێت ) ڕیوایەت کراوەلەفەرموودەیەکی ئەنەسی کوری مالکەوەگێڕراوەتەوە، کەئەوانیش

واتە ئافرەتی دووگیان و شیردەر دەبێت وەك نەخۆش و موسافیر قەزای ڕۆژووەکانیان بکەنەوە .

داواکارم لەخوای گەورەمن ئیوەش زیاتر شارەزا بکات لەدینەکەی خۆی و دامەزراوی و ثەباتمان بێ ببەخشێت ، و من و ئێوەو سەرجەم خوشك و برایانی موسڵمان بگێڕێت لەو کەسانەی کەخوای گەوەر هیدایەتیان دەدات و دەبنەهۆکاریش بۆ هیدایەتدانی کەسانی تریش، خوای گەوەرش بیسەر و نزیکەلێمانەوەو پشت و پەنای هەموولایەك بێت . والسلام علیکم ورحمەاله وبرکاتە .

پرسیار : ئەو کەسانەکێن ڕۆژوویان لەسەر واجب نیە ، ڕوونی بکەرەوەبۆمان خوای گەوەرەپاداشتی بەخێرت بداتەوە.

وەڵامی شێخ ابن باز ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) : ئەو کەسانەی ڕۆژوویان لەسەر واجب نیە شێت و کەسێك لەهۆش خۆی چووبێت، مناڵ پێش باڵغ بوون ن بەڵام ئافرەتی حەیزدار و زەیسان ڕۆژوویان لەسەر واجبە ، پڕڵام لەمانگی ڕەمەزاندا نایگرن بەڵکو پاشتر دەبێت قەزای بکەنەوە، بەڵام نەخۆش و موسافیر دروستەڕۆژوو بگرن هەروەها دروستەبیشیشکێنن ، بەڵام شکاندنی باشترە، دواتر دەبێت قەزای بکەنەوەلەغەیری ڕەمەزاندا ، ئەویش لەبەر ئەوەی خوای گەورەدەفەرموێت : (وَمَنْ كَانَ مَرِيضًا أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ ) البقرە/ ١٨٥ ، واتە : هەرکەسێك نەخۆش بوو یان لەسەفەردا بوو ئەتوانێت ڕۆژوو نەگرێت و پاشتر بیان گرێتەوە، بەڵام ئەگەر نەخۆشێك کەئومێدی ئەوەی لێ نەدەکرا کەچاك ببێتەوەئەویش بەووتەی نوژدار و دکتۆری خاوەن باوەڕ، ئەوەواجب نیە لەسەری ڕۆژوو بگرێت هەروەها قەزاشیان ناکاتەوە، بەڵام دەبێت لەبری هەر ڕۆژێك خواردنی هەژارێك بدات ، ئەویش نیو صاعەبەصاعی نەبەوی واتە صاعی ئەهلی مەدینە ،لەخواردنی قووتی ئەو شارەی تیایدا دەژی ، ئەمەش بەنزیکی مەزەندەدەکرێت بەکیلۆ و نیوێك، هەروەها پیاو و ژنی پیریش کەناتوانن و حەوسەڵەی گرتنیان نیە ئەتوانن ڕۆژوو نەگرن و لەبری هەر ڕۆژێك خوادرنی هەژارێك بدەن ، بۆ هەریەکەیان نیو صاع بەقوتی ئەو شارەی تیایدای دەژی ، و هیچ قەزاکردنەوەیەکیشیان لەسەر نیە ، بۆ ئەم مەبەستەش دروستەئەم جۆرەکەسانەکەفارەتی ڕۆژووەکانیان ( واتە ئەو خوادرنەی کەباسکرا ) لەسەرەتای مانگی ڕەمەزانەوەیان لەکۆتایی یەوەبەیەکجار هەمووی بدەن ، یان لەنێوەندی مانگی ڕەمەزاندا هیچ شتێکی تێدا نی یەئەگەر هەموشی بدات بەهەژارێك یان چەند هەژارێك ، بەهەمان شێوەحاڵی ئافرەتی دووگیان و شیردەر ئەگەر لەسەریان ناڕەحەت بوو ، ڕۆژووەکانیان دەشکێنن و بەڕۆژو نابن ، وەك کەسانی نەخۆش و موسافیر ن بەڵام واجبە لەسەریان قەزای بکەنەوەدواتر .

پرسایر ، ئایا حومکی ئەو کەسەچی یەکەبەڕۆژوو دەبێت و هەندێك عیبادەت دەکات بەڵام نوێژەکانی ئەنجام نادات ، ئایا خوای گەورەڕۆژوو و عیبادەتەکانی تری لێ وەردەگرێت ؟

وەڵامی شیخ ابن باز ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) : بەناوی خوای گەورەو سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگار ، سەحیح وایەکەسێك نوێژەکانی بەئەنقەست و عەمدەن نەکات ، بەو کارەی کافر دەبێت و لەبازنەی ئیسلام دەردەچێت ، بەمەش ڕۆژووەکەی دروست نیە و سەحیح نابێت و هەروەها عیبادەتەکانی تریشی تا ئەو کاتەی تەوبەدەکات و دەگەڕێتەوەبۆلای خوای گەورەن خوای گەورەش دەفەرموێت : ( وَلَوْ أَشْرَكُوا لَحَبِطَ عَنْهُمْ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ ) المائده/ ٨٨ ، واته هەرکەسێك شەریکی بۆ خوا بڕیاردا ئەوەبێگومان هەموو کارەباشەکانی کەپێشتر کردوونی دەسڕێتەوە، هەروەها زۆرێك ئایەت و فەرموودەی تریش کەلەم بارەیەوەهاتون ، وەهەندێك لەزانایانی تریش پێیان وایەکوفری گەورەنیە و لەئیسلام دەرناچێت ، بەم شێوەش ڕۆژوو و عیبادەتەکانی تری ناسڕێتەوەو بەتاڵ نابێتەوە، ئەگەر دان بنێت بەوەدا کەنوێژ کردن واجبە بەڵام ئەم لەبەر تەمەڵی و تەوەزەلی نایکات ، بەڵام بەلای منەوە( واتە : بەلای ابن باز ) ەوەڕەئی یەکەمم پێ پەسەندە، کەبەنەکردن و وازهێنان لەنوێژ کردن مرۆڤ ئەگەر بەئەنقەست بێت ئەوەکافر دەبێت ئەگەر چی بەلایەوەش واجب بێت ، ئەمەش لەبەر ئەوەی زۆرێك لەبەڵگەو دەلیل کەئەم ڕاستی یەدەسەلمێنن ، هەروەك چۆن پێغەمبەر ( درودی خوای لەسەر بێت ) دەفەرموێت : " بين الرجل و بين الكفر والشرك ترك الصلاة " ئیمامی موسلیم ڕیوایەتی کردوە، واتە : لەنێوان مرۆڤی موسڵمان و نێوان کوفر و هاوەڵ پەیداکردن بۆ خوای گەورەنەکرن و تەرککردنی نوێژە" هەروەها لەفەرموودەیەکی تردا هاتووەکەپێغەمبەر ( درودی خوای لێ بێت ٩ دەفەرموێت : " العهد الذي بيننا وبينهم الصلاة فمن تركها فقد كفر " ئیمامی ئەحمەد و تورموزی و ئیبن ماجەڕیوایەتیان کردووە، واتە : ئەو بەڵێن و عەهدەی هەی لەنێوان ئێمە( واتە : ئوممەتی ئیسلام ) و نێوان ئەواندا ( واتە کافراندا ) نوێژ کردن ،جا ئەگەر کەسێك تەرکی کرد و ئەنجامی نەدا ئەوەبێگومان کافر بووە، ئیبن القيم يش ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) لەم بارەریەوەنامەیکی زۆر بەسوودی نووسیوەلەبارەی حوکمەکانی نوێژ و حوکمی تەرك کردن و نەکردنی ، بەهیوای ئەوەی بیخوێننەوەو سوودی لێ وەربگرن .

پرسیار : ئایا منداڵێك کەباش و خراپ لەیەك جیابکاتەوە( المميز ) فەرمانی پێ دەکرێت بەڕۆژوو گرتن ؟ وەئایا ئەگەر لەکاتی گرتنی رۆژووەکەیدا باڵغ بوو ئەو ڕۆژوویەی گرتویەتی ئەو ڕۆژەبۆی دروستە؟

وڵامی شێخ ابن باز ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) : مناڵ چی کچ بێت یان کوڕ ئەگەر گەشتنەتەمەنی حەوت ساڵی فەرمانیان پێ دەکرێت بەڕۆژوو گرتن ئەمەش

لەبەر ئەوەکەڕابهێنرێن لەسەری ، لەسەر وەلی ئەمرەکانیشیان واجبە فەرمانیان پێ بکەن بەمەهەروەك چۆن واجبەلەسەریان فەرمانیان پێ بکەن بەنوێژ کردن ، جا هەرکاتێکیش باڵغ بوون ئەوەڕۆژوویان لەسەر واجب دەبێت ، وەئەگەر لەنێوەندی ڕۆژوو گرتنەکەیاندا باڵغ بوون ئەوا واجبی ئەو ڕۆژەیان لەسەر کەوتووە، بۆنمونەئەگەر وامان دانا منداڵێك لەکاتێك کەڕۆژ لەناوەڕاستی ئاسمانە( عند الزوال ) باڵغ بوو ، وەبەڕۆژووش بوو ، ئەوا ڕۆژووی ئەو ڕۆژەی لەسەر کەوتوەو نایگرێتەوە، سەرتای ئەو ڕۆژەبەر ڕۆژووی سوننەت کەوتوە و کۆتایەکەشی وەك فەرز دادەنرێت ، ئەمەئەگەر هاتوو پێشتر باڵغ نەبوو بوو بوەی کەمووی زبر وئەستوور لەچوار دەور ( زێی ) ی نەڕوا بوو کەبە( مووی بەر ) ناسراوە، یان ئەگەر کوربوو بەهاتنەوەی ئاوی پیاوەتی لەگەڵ شەهوەتدا ( مەنی ) باڵغ نەبوو بوو ، بەڵام کچ نیشانەیەکی تری زیادی هەیەبەناسینەوەی باڵغ بوونی ئەویش بینینی خوینی حەیزە( العادەالشهریە) .

پرسیار : ئایا حوکمی ڕۆژوو چی یەبۆ ئافرەتی حەیزدار و زەیسان ، وەئایا ئەگەر قەزا کردنەوەیان دوایانخست تا ڕەمەزانێکی تر دێت ، چیان لەسەر دەبێت ؟

وەڵامی شێخ ابن باز ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) : لەسەر ئافرەتی حەیزدار و ئافرەتی زەیسان وابجەکەڕۆژوەکەیان بشکێنن لەو کاتەی کەدەکەونەحەیز و زەیسانیەوە، وەبەهیچ شێوەیەك دروست نی یەبۆیان ڕۆژوو بگرن وەیان نوێژ بکەن ، وەئەگەر ئەنجامیشیان دا ئەوەئەو نوێژو ڕۆژووەسەحیح نی یە، وەواجبەلەسەریان ڕۆژووەکانیان قەزا بکەنەوە، بەڵام واجب نی یەلەسەریان قەزاکردنەوەی نوێژەکانیان ، لەعائشەی دایکی موسڵمانانەوە( خوای لێ ڕازی بێت ) ثابت بووەکەپرسیاریان لێ کرد ، ئایا ئافرەتی حەیزدار قەزای نوێژو ڕۆژووەکانی دەکاتەوە؟ ئەویش لەوەڵامدا فەرمووی : ئێمەفەرمانمان پێ دەکرا بەقەزا کردنەوەی ڕۆژووەکانمان، بەڵام فەرمانمان پێ نەکراوەبەقەزاکردنەوەی نوێژەکانمان ، ئەمەش ئیمامی موسلیم ڕیوایەتی کردووە، هەروەها زانایانی ئیسلامیش یەکدەنگ و یەکڕان لەسەر ئەوەووتەیەی دایکی موسڵمانان ، کەئافرەتانی حەیزدار و زەیسان قەزای ڕۆژووەکانیان دەکەنەوەبەبێ قەزا کردنەوەی نوێژەکانیان ، ئەمەش ڕەحمەتێکی پەروەردگار و ئاسانکاریەکەبۆ ئەوان ، چەونکەنوێژەکان لەڕۆژێکدا پێنج جار ئەنجام دەدرێن و گێڕانەوەی ئەمەش دەبێتەمایەی ناڕەحەتی و بارگرانی لەسەریان ن بەڵام ڕۆژوو لەساڵێکدا یەك جارەواتە یەك مانگەو لێ دەبێتەوە، قەزاکردنەوەی ڕۆژوو نابێتەمایەی ناڕەحەتی و بارگرانی لەسەریان ، وەهەرکەسێکیشیان بەبێ هیچ بیانوویەکی شەرعی ( عذر الشرعی ) قەزاکردنەوەی ئەو ڕۆژانەدوابخات تا ڕەمەزانێکی تر دێت ، ئەوەبێگومان دەبێت تەوبەبکات لەو کارەی و لەگەڵ ئەوەشدا کەواجبەقەزایان بکاتەوەدەبێت لەبری هەڕۆژێکیش خواردنی هەژارێك بدات ، بەهەمان شێوەئەگەر نەخۆش و موسافریش قەزاکردنەوەی ڕۆژووەکانیان بەبێ بوونی هیچ بیانوویەکی شەرعی ( عذر الشرعی ) دواخست تا ڕەمەزانێکی تر دێت ،

ئەوەدەبێت تەوبەبکەت لەو کارەیان و دواتریش قەزایان بکەنەوەو لەبری هەڕۆژێکیش خواردنی هەژارێك بدەن ن بەڵام ئەگەر بەشێوەیەك بوو ئەو نەخۆشی و سەفەرەدرێژەی کێشا تا ڕەمەزانێکی تر دێت ، تەنها قەزا کردنەوەیان لەسەر دەبێت بەبێ واجب بوونی خواردن بەهەژارێك ، کاتێك سەفەرەکەیان کۆتای پێهات و نەخۆشەکەش چاك بوویەوە.

پرسیار : ئافرەتێك دەپرسێت و دەڵێت من کەکچ بووم سوری مانگانانەم بەسەردا دەهات ئەو کاتەمن تەمەنم ١٤ چواردەساڵ بوو، لەڕاستی دا زۆر شەرم دەیگرتم بڵێم بەدایکم ، بەڵام کاتێکیش کەڕەمەزان تەواو دەبوو ڕۆژووەکانم قەزا نەدەکردەوە، وەئەمەش من باسی دەکەم پێش یانزەساڵ بوو ، ئایا حوکمی ئەمەچیە؟ وەبۆ ئاگاداریشتان من ئێستا شووم کردوە، لەگەڵ ئەوەشدا سوری مانگانەی حەیزم زۆر بەشێوەیەکی ڕێك و پێك نی یە، ئەو کاتەشی کەکچ بووم هەندێك جار مانگێك دەکەومەحەیزەودوای ئەوەش سێ مانگ تا چوار مانگ بەردەوام نەئەکەوتمەحەیزەوە،

گرنگ ئەوەیەمن بیرم نایەت هەموو ڕەمەزانێك لەوەو پێشتر کەوتومەتەحەیزەو یان نا ، ئایا من ئێستا چی بکەم ؟

وەڵامی شێخ ابن باز ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) : لەسەر ت واجبەقەزای هەموو ئەو ڕۆژووانەبکەیتەوەکەپێشتر نەتگرتون دوای ئەوەی کەسوری مانگانەت بەسەردا هاتووە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت تەوبەبکەیت لەو کارەت و داوای لێ خۆش بوونیش لەپەروەردگار بکەیت ، هەروەها کەفارەتی دواخستنی قەزاکردنەوەشیان بدەیت لەبری هەڕۆژێك خواردنی هەژارێك بدەیت ، کەئەندازەکەی نیو صاعە کەئەکاتەکیلو نیوێك لەقوتی ئەو شارەی کەتێیدا دەژیت ، هەموو ئەو خواردنەدەبێت بدەیت بەهەژاران ، چونکەئافرەت کەکەوتەحەیزەوەئیتر تەکلیفی دەکەوێتەسەر واتە ئەحکامەکانی ئیسلامی بەسەردا جێ بەجێ دەبێت ، لەفەرز بوونی نوێژ و ڕۆژوو ئەگەر تەمەنیشی لەخوار پازدەساڵیشەوەبێت .

پرسیار : ئافرەتێکی تر دەپرسێت و دەڵێت : من کاتێك کەیەکەمجار خوێنی مانگانەم بینی ڕەمەزان بوو ، ئەو کانەش تەمەنم سازدەساڵ بوو ، بەردەوامیش لەو کاتەدا ڕۆژووەکانم دەگرت ، دواتریش ئەو ڕۆژانەی کەلەحەیزدا بووم قەزام نەکردونەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا نەمزانیوەحەرامەڕۆژوو گرتن لەکاتی سوری مانگانەدا ، و نەشمزانیوەکەدەبێت قەزایان بکەمەوە، وەبۆ زانیاریشتان ئەمەی کەدەڵێم ساڵانێکی زۆری بەسەردا چووە؟ ئایا ئێستا دەبێت قەزایان بکەمەوە، خوای گەورەپاداشتی خێرتان بداتەوەوەڵاممان بدەنەوە.

وەڵامی شێخ ابن باز ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) :

یەکەم : دەبێت بزانیت نا بێت لەکاتی سوری مانگانەدا نەنوێژ بکەیت و نەڕۆژووش بگریت ، وەئەو خوشکەش کەباس لەوەدەکات کەلەکاتی سوری مانگانەدا نوێژی کردوەو ڕۆژووشی گرتوە، ئەوەهەڵەی کردوە، و پێویستەتەوبەبکات لەو کارەی و داوای لێخۆش بوونیش بکات لەپەروەردگار ، چونکەعوزری نیەبەوەی کە( جهل ) نەیزانیوەلەوەها مەسئەلەیەکدا ، چونکەواجبەلەسەر پرسیار بکات .

دووەم : دەبێت تەواوی ئەو ڕۆژانەی کەلەسوری مانگانەدا بووەو کەوتوەتەمانگی ڕەمەزانەوەقەزایان بکاتەوە، جا ئەگەر یەك ڕەمەزان بووەیان چەند ڕەمەزانێك بووە، چونکەلەکاتی سوری مانگانەدا دروست نی یەڕۆژوو گرتن ، وەواجبیشەلەسەری لەگەڵ ئەوەی کەڕۆژووەکانی قەزا دەکاتەوەلەبری هەر ڕۆژێکیش خواردنی هەژارێکیش بدات لەقوتی ئەو شارەی تێیدا دەژی و ئەندازەکەی نیو صاعە کەدەکاتەکیلۆ و نیوێك .

پرسیار :ئایا ئەگەر ئافرەتێك پێش سپێدەی بەیانی ( الفجر ) پاك بوویەوەلەخوێنی حەیز و پاشتریش خۆی شۆرد ، و بەڕۆژوو بوو ، ئایا حومکی ئەمەچۆنە؟

وەڵامی شێخ ابم باز ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) : ڕۆژووی ئەم خوشکەسەحیحەو دروستەبەمەرجێك تەواو دڵنیا بێت لەوەی کەپێش شپێدەی بەیانی ( الفجر ) پاك بوەتەوە، ، گرنگ ئەوەیەئەو ئافرەتەدڵنیا بێت کەپاك بوەتەوە، چونکەهەندێك لەئافرەتان وا دەزانن کەپاك بونەتەوەو کەچی باکیش نەبوەتەوەن لەبەر ئەوەهەندێك لەئافرەتان بەپارچەیەك لۆکەوەدەهاتنەخزمەت عائشەی دایکی موسڵمانان ( خوا لێ ی ڕازی بێت ) تاوەکو نیشانی بدەن کەپاك بونەتەوە، ئەویش پێ ی دەوتن : پەلەمەکەن تاوەکو تەواو سپی دەبێت .( مەبەست پێ ی ئەوەبوو تاوەکو تەواو دڵنیا دەبن لەنەهاتنی خوێنی سوور و جۆرەکانی ) .

پرسیار : ئایا حوکمی ئەو ئافرەتەچی یەکەپاش ئاوابوونی خۆر دەکەوێتەحەیزەوە، ئافرەتێك ئەگەر پاش کەمێك دوای ئاوابوونی خۆر کەوتەحەیزەوە، ئایا حوکمی ڕۆژوەکەی چی یە؟

وەڵامی شێخ ابن باز ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) : وەڵامی ئێمەئەوەیەڕۆژووەکەی زۆر دروستەو هچی تیادا نی یە، تەنانەت ئەگەر هەستی کرد بەهەندێ دیاردەی کەوتنەحەیزەوەپێش ئاوا بوونی خۆر ( وەك ئێشو ئازاری پشت و سك و هتد ..) بەڵام بەهیچ شێوەیەك خوێنی نەبینی تا دوای ئاوا بوونی خۆر نەبێت ، ئەوەڕۆژوەکەی دروستەو تەواوە، چونکەئەوەی ڕۆژوو بەتاڵ دەکاتەوەبینیی خوێنی حەیزەنەك دیاردەو هەست پێ کردن و ئێشو ئازاری پێش خوێن بینین .

پرسیار : ئایا حوكمی ئەو ئافرەتەچی یەلەنێوەندی ڕۆژی ڕەمەزاندا پاك دەبێتەوەلەخوێنی حەیز ؟

وەڵامی شێخ ابن باز ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) : لەسەر دروسترین ڕای زانایان دەبێت كەپاك بوویەوەواز لەخواردن وخواردنەوەو ئەو شتانەبهێنێت كەلەسەر ڕۆژوەوان دەبێت وازیان لێ بهێنێت و ئەنجامیان نەدات ، ئەویش لەبەر نەمانی عوزرەشەرعی یەكەی ، وەهەروەها دەبێت پاشتریش قەزای ئەو ڕۆژەش بكاتەوە، هەروەك چۆن ئەگەر لەنیوەڕۆدا موسوڵمان بۆیان دەركەوت ئەو ڕۆژەڕەمەزانە، ئەوا لەو كاتەدا موسوڵمانان دەبێت نیوەی ڕۆژەكەی تر واز لەخواردن و خواردنەوەو ئەو شتانەبهێننن كەلەسەر ڕۆژوەوان دەبێت وازیان لێ بهێنێت ، وەلەسەر ڕای جمهوری زانایانیش دەبێت پاشتر ئەو ڕۆژەقەزا بكەنەوە، بەهەمان شێوەئەو موسافیرەشی كەلەنیوەی ڕۆژەكەدا دەگاتەوەشارەكەی خۆی و بەڕۆژوو نەبوە ، ئەویش دەبێت نیوەی ئەو ڕۆژەی كەگەشتوەتەوەشارەكەی خۆی وەك ڕۆژوەوانی لێ بێت و دواتریش ئەو ڕۆژەقەزا بكاتەوە، لەسەر سەحیح ترین ڕای زانایان ن چونكەئەو موسافیرەلەو كاتەدا عوزرەشەرعیەكەی نەماوە، خواش پشت وپەنای هەموو لایەك بێت .

سەرچـــاوەی ئەم فەتوایانــەش دەتوانن بگەڕێتەوەبۆ دەقــی عەرەبی یــەكەی لە( مجموع فتاوى ومقالات متنوعة ، تأليف الفقير إلى عفو ربه ، عبد العزيز بن عبد الله بن عبد الرحمن بن باز _ رحمه الله _ الجزء الخامس عشر جمع و ترتيب ، د ز محمد بن سعد الشويعر )

لەكۆتایدا داواكارم لەخوای گەورەئەم كارانەبخاتەتەرازووی حەسەناتی شیخی ڕەحمەتی شێخ ابن باز ، إن شاء الله ، و لەگوناهی ئێمەو ئێوەش خۆش بێت .

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته